# لە پێشوازی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق



## وەلید خالید*:

## لاوان هیچ یەك لە کایەکانی کۆمەڵگایان بەدەستە، تاکو کێشەیان هەبێت؟

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق یەکێکە لە ڕێکخراوە چالاکەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی تێکۆشانی ڕێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستان، کە بەردەوام لە هەوڵی جۆشدانی لاوان بووە بۆ فشار خستنە سەر لایەنە بەرپرسەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی داخوازییەکان، بە ئاراستەی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی شارستانیو فرە ڕێکخراویی لە کارو بیرکردنەوەدا..**

**ئێستا ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی تەواو کردووەو هەنگاو دەنێت بەرەو ئەنجامدانی کۆنگرەی پێنجەمی خۆی، بۆ زیاتر ئاشنابوونمان بە کارەکانو ئاسۆی کاری ئایندە بە پێویستمان زانی چەند ئەندامو کادرێکی یەکێتی لاوان بەسەر بکەینەوەو چەند پرسیارێکیان ئاراستە بکەینو لە سەرەتادا بەڕێز (وەلید خالید)**

پ- ڕێگا

- گرینگترین کێشەکانی لاوان لەچیدا دەبینیتەوە؟

+ وەکو ئاشکرایە لە دۆسیەی لاپەڕە 10ی ڕێگای کوردستان بە سوپاسەوە فایلێك لەمەڕ لاوان بە گشتیو کێشەکانیانو بە تایبەت کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق کراوەتەوە کەمن یەکێکم لە ئەندامانی کۆنگرەو گەلێك بەڕێز لەم تەوەرەیە بەشدارییان کردووەو باسیان لە زۆربەی کێشەکان کردووە لە ڕووی ڕامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو دیدو بۆچوونی جیاوازی لەمەڕ هەریەك لەم لایەنانە باس کراوەو تیشکی خراوەتە سەر لە باسەکانی پێشوودا بۆ ئەوەی من دووبارەی هەمان باسو هەمان وەڵام نەدەمەوە بە دیوێکی تر کێشەکان دەبینمو کۆیان دەکەمەوە لە ئەقلیەتی تاکەکانی سوڵتەی کوردی کە بەهیچ شێوەیەك گرنگیان بە کێشە سەرەکییەکانی لاوان نەداوە تەنها بۆ ماسیمیریا نەبێت ئەگەر نا من دەپرسم کوا ناوەندو سەنتەرو بنکەی ڕۆشنبیری بۆ لاوان، کوا پرۆگرامێکی نەخشە ئامێزو ئامانج بەخش کە لاوان پلە بە پلە بگوازێتەوە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر ئاخۆ تاکەی وابەستە بین بە ئەقڵیەتی کۆنەپەرستی دواکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاست، تاکەی لاوان لە بۆشاییەکی بێ ناوەڕۆك خول بدەن، تەیار بکرێن بۆ ئامانجی تەسکی حزبایەتی، بسووتێنرێن، بۆ بەرژەوەندی خێڵو خزمایەتی نازانم وا هەست دەکەم هەزاران پرسیاری تری بێ وەڵام لەلای منو باقی گەنجانی تر هەیە کە بە داخەوە بێدەنگی لە ئاستیاندا شێوازێك لە نامۆییو کۆچ دەبن بە هەوێنو ئامرازی خۆ دەربازکردن لێیان.

پرسیارێکی سەیرە لاوان بۆچی هیچ یەك لە کایەکانی کۆمەڵگاکەیان بە دەستە تا کێشەیان هەبێت، تەنانەت ئارەزووو بیرکردنەوەو جەستەی خۆشیان لە لایەنی تر کۆنترۆڵ کراوەو کاری پێی دەکرێت کێشەیان لەگەڵ چیدا هەبێت.

- ڕێکخراوێکی لاوان لەم ناوەندە دژوارە کە پڕە لە کێشە بە تایبەتی دۆزینەوەی خود چ کارێکی لە ئەستۆدا دەبێت؟

+ بە بۆچوونی من سەرەتا دەبێت دەرك بە کێشەکان وەکو خۆیان بکرێتو دەست نیشان بکرێن ئینجا دواتر چارەسەریان بۆ دابندرێتو لەمانەش گرنگتر پراکتیکە، کە بە داخەوە تەواوی ڕێکخراوەکان لەم بوارەدا کار دەکەن وەکو پێویست نینو نەیاتوانیوە ئەو سنوورەی دیاریکراوە بۆیان بیبەزێنن و بیسەلمێنن، لە دەرەوەی بازنەی بێ ئاگای گەمە بکەنو لە سەرەتادا هەوڵی دارشتنەوەی چۆنیەتی ئاراستەکردنی لاوێك بکەنو لاوەکە بە کێشەکان بناسێننو ڕێکخراو ببێتە فاکتەرێك بۆ هاوکاریکردنی لاوانمان بۆ دۆزینەوەی خودی خۆیان، تاکو بتوانن رایەڵی فشار دروست بکەن بۆ داخوازییەکانو دەربازبن لە پاشکۆیی، خەونەکان لە روناکی و بە ئاگایدابیبیننو بانگەوازی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنو مەدەنیبکەن.

- تۆ لە بواری وەرزش کار دەکەیت ئایا دەبێت کۆنگرە لەگەڵ وەرزشدا وەکو لایەنێکی گرنگی ژیانی گەنجدا چۆن مامەڵە بکات؟

+ لە سەرەتا دەمەوێت بڵێم وەرزش وەکو هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگای کوردستان تێکەڵ بە حزب کراوە دابەش کراوە سەر ڕەنگە جیاجیاکان.. ئەگەر چی چەند یانەیەكو بنکەو بارەگای وەرزش لەهەر شارێك دادەبینی بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە تاڵە چونکە هیچ شتێکی تازە پێشکەش ناکرێتو کەرەستەکان دواکەوتوون ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر تاکو ئێستا وەرزش لە شارەکەماندا بێ سەرپەرشتییە هیچ یاسایەك نییە بواری وەرزش ڕێکبخات تەنها لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی نەبێت کە جێگای شەرمەزارییە مرۆڤ هیچ پەیوەندیەك لەگەڵیدا ببەستێ چونکە بە درێژایی 30 ساڵ کاری کردووە بۆ شێواندنی ئەقلیەتی لاوی کوردو ئێستاش لە هەوڵی بەردەوام دایە وە ئەم ڕژێمە جێگای متمانە نییە بۆیە کۆنگرە گرنگە هەڵوەستەی جددی بکات لەمەڕ وەرزش لە کوردستانو ببێتە گلکۆی یەکگرتنەوەی هەردوو سنوورو ئیدارەی دەستکردی کە لە نێوان وەرزشەوانان داندراوەو ئەم تۆقە بشکێننو فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ زیاتر گرنگیدان بە وەرزش بە کردنەوی یاریگاو هێنانی کەرەستەی تازەو ڕێکخستنەوەی وەرزش لە پێگەیەکی ئیداری سەربەخۆ، و بەکەمتر سەیر نەکرێت لە هیچ یەك لە پێگە ئیدارییەکانی تر، لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵێك بێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وەرزشی کە بەداخەوە لە 5% دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە بەردەوامیو لەسەر پرۆگرام وەرزش ناکەن کە راستەوخۆ پەیوەندی بە لەشو بیرێکی ساغ هەیەو دووریان دەخاتەوە لە کۆمەڵێك نەخۆشی کوشندە.

*** ئەندامی کۆنگرەو، دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر**





زیرەك کەمال

# هەر ئەوانن تروسکەی هیوا

**هەموو ڕاپەڕینێك لە سەرەتادا نێوەڕۆكو سروشتی چۆنایەتیو قەبارەی گەورەو کاریگەری هەر چۆنێك بێت ئەوا مانای شۆڕش ناگەیەنێت بەڵکو ڕوویەکی شۆڕشە، چونکە ڕاپەڕین هەم لە ڕووی بزاوتو جووڵەو ئاراستەکانی و هەم لە ڕووی خواستو ئامانجەکانی زیاتر لە سەر هێڵەکانی کایەی سیاسەت گەمە دەکاتو تووخنی بوارەکانی تری کۆمەڵ ناکەوێت.**

**بەڵام ئەگەر ئەو خەسڵەتو سیفەتانە هەموو ڕاپەڕینێك لەسەرەتادا هەڵگریان بێت، ئەوا ئەگەر پەیامبەرو ڕابەرانی هەڵگری ستراتیژێکی ڕوونو مەعریفی قوڵو سەلیقەیەکی وردبن و لە کارنامەی سیاسەتی ڕۆژانەو دەست نیشانکردنی تاکتیکدا زاناو بەرچاو ڕوون بن، ئەوا دەتوانن لە ڕێگای زیندوو ڕاگرتن و وەبەردا کردنەوەی گیانی بەردەوامی و خۆبەرهەم هێنانەوە ڕاپەڕین لە نێو کایەی سیاسیدا بگوازنەوە بۆ نێو بوارو بونیادە کۆمەڵایەتیو ئابووریو کەلتورییەکان لەوێشدا سەر لەبەری ئەم چەمكو بونیادانە ناچار بە نوێبوونەوەو گۆڕانی بەردەوام بکات. (11) ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی ئازاری (1991) گەلی کوردستاندا تێپەڕی بەڵام ڕاپەڕین نەك خۆی بەرهەم نەهێنایەوەو خۆی نوێ نەکردەوە بەڵکو لەبەردەم ڕەوتو شەپۆلەکانی مێژوودا پاشەکشەیەکی ترسناکیشی کردو بەشی هەرە زۆری ئەو خەونو هیواو ئومێدانەشی بە هەڵپڕوکاندا کەوا گەلەکەمان لەسەری هەڵیچنیبوو.**

**(11) ساڵە ڕاپەڕین نە خۆی بەرهەم هێنایەوەو نە پەلو پۆشی بۆ نێو بواری ژیارییە زیندووەکانی کۆمەڵ هاوێشتو بەڵکو بگرە بە درێژایی ئەم ماوە مێژووییە خەریکی چەپاندنو داپلۆسینو شکاندنو لێدانو ڕاوەدوونانو خواردنی ئەو مرۆڤانەیە کە ئەویان هێنایە بەرهەم خەریکی نەهێشتنی جوانیو پیرکردنی بەهاری تەمەنی ژیانی وردودرشتی وڵاتەکەمانە، هەر بۆیەش بە تەنها ئەو دەنگو هێزانە دڵسۆزی زیندووکردنەوەو هێنانەدی ئامانجەکانی ڕاپەڕینن کە بە ئەمانەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ قۆناغی دوای ڕاپەڕین کردو مرۆڤ بە ئەمەكو داکۆکیکاری ئەم ئەزموونە بوون نەك ئەوانەی فەلسەفەی خەزان لە دەرزی بەهارو ڕووخان لە سێبەری ئازادیان ڕاهێنا.**

**ئەوانە دڵسۆزو پێشمەرگەی ڕاپەڕین و ئومێدو هیوای ئەم سەردەمەن، کە تفەنگە پڕ سامو مەرگ ئامێزەکان نەیانتوانی پەلکێشی مەزاتخانەی فرۆشتنی جوانیو نرخو بەهای نیشتمانو دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینیان بکات، نەك ئەو مێمڵو سمێڵ بابڕانەی (11) ساڵە ڕاپەڕین و شۆڕشو جوانی نیشتمان لەتو پەت دەکەن.**

**بەڵێ هەر ئەوانیشن تاکە تروسکەی هیوای ئێمە کە بەعس وەك دوژمن و ڕاپەڕین وەك بەردەوامی و ژیان وەکو بەهارێکی هەمیشەیی دەناسن.**

# تاکەی فرۆشتنی کتێبە مەنهەجییەکان بەردەوام دەبێت؟

**عەتا سۆلەیی/ زانکۆی سلێمانی**

ئەگەر چاوێك بە مێژوویی پەروەردەی عێراقدا بخشێنین دەبینین بە پێی یاساکانی پەروەردە مەنهەجەکانی خوێندن بە گوێرەی قۆناغەکان بە شێوەی کتێب داندراوە و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەبێ بەرامبەرو لەسەر ئەرکی حکومەت بەسەر خوێندکاراندا دابەش کراوە، و بەپێی یاساکانی پەروەردەش سزادانراوە لەسەر ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە فرۆشتنی کتێبە مەنهەجییەکانو، بوونی مەلزەماتو خولی تایبەتو وانەی تایبەت بە هەموو جۆرێ قەدەغە کراوە..

بەڵام لە ساڵانی "1993-1994" بەدواوە، لە عێراقدا بە گشتیو لە کوردستاندا بە تایبەت ئەم دیاردە دزێوە سەری هەڵداوە کە دەبینین لەسەر شۆستەی شەقامی بازاڕەکاندا هەموو جۆرێ کتێبی مەنهەجو مەلزەمەی جۆراو جۆر دەفرۆشرێت.

ئەوەی خوێندکارانی هەژارو کەم دەرامەت تووشی نەخۆشی دەروونیو خەمۆکی دەکات ئەوەیە بە هۆی ئەوەی کە ناتوانن بەشداربن لە خولەکانو مەلزەمە گرنگەکان بە دەست بهێننو بە پرسیارەکانی ئەو مامۆستایانەی کە لیژنەی تاقی کردنەوەیان بینییەوە شارازابن بە ئاواتو خۆزگەکەیان نەگەرن، بەڵام خوێندکارە دەوڵەمەندەکان هەرچەندە ئاستی زانستییان نزمە بەڵام سەرکەوتنو نمرەی باش بە دەست دەهێنن.

بێگومان لای هەموو خەڵکی کوردستان ئاشکرایە کە لە پۆلێکی خوێندنگایەکدا بە چوار خوێندکار یەك کتێب وەردەگرنو ئیتر خوێندن دەبێت بوونی چۆن بێت بۆیە بە ناچاری دەبێت ئەو سێ خوێندکارەکەی تر پەنا بەرن بۆ بازاڕی کتێب فرۆشەکان بە بەرزترین نرخ کتێبەکان بکڕن.

لێرەدا دەپرسینو دەڵێین تۆ بڵێی حکومەتی هەرێم تاکەی بیرێك لەم غەمە گەورەیە ناکاتەوەو هەڵستێت بە دەرکردنی بڕیارێك بۆ قەدەغەکردنو فرۆشتنی کتێبە مەنهەجییەکانو کردنەوەی خولو وانەی تایبەتو دابەشکردنی مەلزەمات بە خۆڕایی.

# لە هەفتەیەکدا دوو مامۆستای ئافرەت لە هەولێر بوونە قوربانی. . . !

**مەغدید حاجی***

کاتی ئێوارەی ڕۆژی 2002/3/14 هەواڵی شەهید بوونی مامۆستا چنار لە سەیرانگەی شێرە سوارو زامداربوونی مامۆستا (عوسمان قادر)ی هاوسەری بە هەموو شاری هەولێر بڵاوبۆوەو زۆربەی خەڵکی شاری خەمناكو پەشۆکاو کرد.

مامۆستا چنار لەگەڵ هاوسەرەکەیو مامۆستایانی قوتابخانەی مەلا ئۆمەری سەرەتایی بۆ گەشت چوونەتە هاوینەهەواری شێرە سوار.

دیارە تاریك پەرستەکان دڵیان بە بەهارو سەیرانو خۆشیو شادی خەڵك ناکرێتەوە، دیارەو سەلمێنراوە کە ئەم تیرۆریستانە دژی مرۆڤایەتیی، دژی ئاهەنگ و سەیرانو خۆشگوزەرانین. دەیانەوێ هەمیشە وڵات شەوە زەنگو خامۆش بێت، بەڵام خەیاڵیان خاوەو ڕەوروەوەی پێشکەوتن ناوەستێو خواستی مرۆڤایەتی لەگەڵ شادیو بەختیاری و ئازادیە، ڕوو ڕەشیو نەفرەتیش بۆ تیرۆریستە کۆنەپەرستەکان دەمێنێتەوە.

هەر لەم هەفتەیەدا هەواڵی خۆسووتاندنو گیان لە دەستدانی مامۆستایەکی دی ئافرەتمان لە ڕۆژنامەی برایەتی خوێندەوە، چونکە مێردەکەی ویستوویەتی ژنی سێیەمیشی بەسەر بێنێو ڕێگای چوونە قوتابخانەشی لێ بگرێت!!!

نەدەبوو مامۆستا (پ.ز) پەنا بباتە بەر خۆسووتاندن دەبوایە لە ڕێگای دادگا داوای مافی خۆی بکردایە.

بەڵام ئەم مامۆستا ئافرەتەش بووە قوربانی دابونەریتی کۆنەپەرستی کە تاکو ئێستا باوە لە ناومانو ئەوەندەی لە ناو کۆمەڵەکەشماندا بانگەشە بۆ دیاردەی کۆنەپەرستی دەکرێت لە دژی سەربەستی و مافی ئافرەت وتار لە بڵندگۆکان پێشکەش دەکرێتو دامودەزگاو لایەنی بەرپرسیش لە بەرامبەریدا بێدەنگن، ئەوەندە بانگەشەو خەبات لەناو جەماوەرو لە ڕێگای ڕێکخراوە جەماوەرییەکانو بڵندگۆکانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا لە پێناوی ئازادیو سەرفرازی و مافەکانی ئافرەت و سەروەری یاساو دانانی یاسای نوێ لە بەرژەوەندی مافی مرۆڤی کورد ناکرێت؟!

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی هەردوو مامۆستای قوربانی. . مامۆستا (چنار)ی شەهیدو مامۆستا (پ.ز)ی قوتابخانەی ناوەندی هەکاری.

هیوای چاکبوونەوەش بۆ مامۆستا عوسمان قادر حەمەد دەخوازین.

***سکرتێری مامۆستایانی پیشەیی لە کوردستاندا**
**هەولێر 2002/3/16**

# یاداشتنامە

**بۆ بەڕێز/ یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان**
**بۆ بەڕێز/ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی**
**بۆ بەڕێز/ نەتەوە یەکگرتووەکان**
**بۆ بەڕێز/ یەکێتی ئەوروپا**

ڕۆژی 16 / 3 / 2002 چواردە ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە تێدەپەڕێت، کە بووە هۆی شەهید بوونی (5) هەزار کەسی بێ تاوانی کوردو، بریندار بوونو شێواندنی دەیان هەزاری دیکە.

سەرەڕای تێپەڕبوونی چواردە ساڵ بەسەر بۆردوومان کردنی هەڵەبجە تا ئەمڕۆش ئاسەواری بەسەر ژیانو تەندروستی دانیشتوانی ئەو شارەدا هەیە.ئەنجامدانی ئەم تاوانە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دژ بە خەڵکی مەدەنیو منداڵو پیرو پەککەوتەو هەزاران قوتابی ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند.

ئێمە لە یەکێتی گشتی قوتابییانی کوردستان لەم یادەدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ قوتابیانی شەهید بووو سەرجەم شەهیدانی هەڵەبجە دادەنوێنین داواکارین ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە بدرێن بە دادگاو قەرەبووی زەرەرو زیانی گیانیو دەروونیو ماددی قوربانیانی هەڵەبجە بکرێتەوە، ئەم ڕۆژە بکرێت بە ڕۆژێك کە تێیدا نەزعەی شەڕخوازیو بەرهەمهێنانو بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ مەحکومو ریسوا بکرێت چونکە ئەم تاوانە دەچێتە ڕیزی هاوشێوەی تاوانەکانی هیرۆشیماو هۆلۆکۆست کە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجامدراو بووبە لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

**مەکتەبی سکرتارییەتی**
**یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان**
2002 / 3 / 15